# نوسینی بێباجی هەندێک کوردی چوارمشقی ... جەمال فەتاح – بەشی(2)

بەشی دووەم

لەبەشیی یەکەم دا بەدورو درێژی باسی ڕۆڵی حزبی شیوعی ئێراقمان کرد لەسەر ئاستی ئێراق وکوردستان. بەدرێژایی مێژووی چل ساڵ لەپەیدابوونی بیری کۆمۆنیستی لەئێراقدا واتە لە1934 بۆ1974تاکە بستێک بەرەو ڕووی مافەکانی کورد نەهاتن نەک هەر بەرەو ڕووی مافەکانی کورد نەهاتن وپشتگیریان نەکرد بەڵکو زۆوجار دژایەتی ڕاستەو خۆی مافەنەتەوایەتیەکانی کوردیان ئەکرد.

بۆیە ئەوکوردانەی کەبیروبۆچونی چەپگەرایی یان هەبوو ناچار بوون بەشوێن ڕێگاچارەیەکی تردا بگەڕێن کەلەڕێگای بیروباوەڕی چەپگەرایی یەوە بتوانن بەرگری لەمافە نەتەوایەتیەکانی کورد بکەن بەتایبەتی لەکوردستانی باشوردا بۆیە لەسەرەتای حەفتاکانی سەدەی ڕابردوودا کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان دروست بوو بۆبەرگری کردن لەمافەکانی کرێکاران وڕەنجدەرانی گەلی کوردستانی باشور لەسەر بیروباوەڕی چەپگەرایی بەپێچەوانەی بیری حزبی کۆمەنیستی ئێراق کەهیچ پەیامێکی بۆ دەست خستنی مافەنەتەوایەتیەکانی کوردکرێکاران وڕەنجدەرانی کوردستان لەدرێژایی چل ساڵدا پێنەبوو. کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان ئەوەبوو لەدوای نەکسەی شۆڕشی ئەیلولی مەزن شانبەشانی پارتی دیموکراتی کوردستان هاتنە مەیدانی بەرگری کردن. ئەم ڕێکخراوە سەرەتا ڕێکخراوێکی بەهێزی سەر گۆڕەپانی خەباتوپێشمەرگایەتی بوو لەسەرەتای شۆڕشدا لەکۆتایی ساڵی 1976 دالەگەل باڵێکی دیکە بەناوی بزوتنەوەی سۆشیالیستی یەکیان گرتو یەکێتی نیشتمانی کوردستانیان پێک هێنا. پاش دووساڵ لەو یەکگرتنە ناکۆکی کەوتەنێوانیان وئەو ناکۆکیە نزیکی ساڵێکی خایاند پاشان دەستان دایە یەخەی یەکترو بووبوجەنگی خوێناوی لەنێوانیاندا نەک لەسەر ئەوەی کەئەمیان ڕاستو ئەویتریان هەڵەیە، چونکە هەردوکیان بنەماو ئامانجی ئایندەیان گەیشتن بووبە سۆشیالزم وکۆمۆنیزم بەڵکو جەوهەری مەسەلەکە کوردستان ئەو کێڵگە ئامادە کراوە نەبوو کەئەوان بتاونن تۆوی بیری چەپگەرایی وکۆمۆنیزم وبیروباوەڕی مارکسیزمی تێدا بچێنن، لەبەر ئەم چەند هۆکارە، یەکەم بیرو باوەڕی مارکسی ولنینی تەنها بەرگری کردنە لەمافی کرێکاران وزەحمەت کێشان، دووەم کاتێک ئەو بەرگری کردنە کاتی بوو کەکوردستان وڵاتێکی پیشەسازی بایەو زۆربەی زۆری خەڵکی کورد لەکارگەکان کرێکار بوونایەو لەلایەن خاوەنکارو خاوەنکارگەکانەوە بچەوسانایەتەوە. سێیەم کوردستان کەوڵاتێکی کشتوکاڵیە ڕژێمێکی فو و داڵیزم بەناڕەواترین شێوە جوتیارەکانی بچەسانایەتەوە وەک لەچینی میللی ڕابەری حزبی کۆمۆنیستی چین ماتسیتۆنگ شۆڕشی دژی دەرەبەگەکان کرد لەبەرژەوەندی چینی جوتیار. بەڵام نەک لەکوردستان ئەوزەمینانە نەبوون بۆئەو شۆڕشە بەڵکو کوردستان کۆمەڵگایەکی ئاینی دواکەو توو بوو بەئاینی ئیسلام ئەمەش لەناو وەها کۆمەڵگایەکدا ئەو بیرو باوەڕە سەر کەوتوو نابێت، چونکە زەمینەی بۆناڕەخسێت کەبتوانێت بەتەواوی بارنامەکانی ئەو بیرو باوەڕە جێبەجێ بکات وکارێکی وابکات کەلەناو دڵی زۆربەی ئەو کۆمەڵگایەدا تۆوی ئەو بیرو باوەڕە بچێنێت وبەچەسپێنێت، کاتێک ئەوە نەکرا کەزۆربەی هەرە زۆری کۆمەڵانی خەڵک لەدەوری ئەوڕێبازە کۆبکرێتەوە ئەوجا بەتاوانی لایەنەکانی تریان زانی وتیان ئەگەر لایەنەکانی دیکە نەبێت ئەوکاتە هەموو کورد ڕوو لەئەوان ئەکات وئەبێتە

پەیرەوو هەڵگری بیرو باوەڕی كۆمەڵەی ڕەنجدەرانی كوردستان بۆیە بەناچاری بۆپاكتاو كردنی لایەنەكان پەلاماری گشت لایەنەكانی سەر گۆڕەپانی خەباتی كوردیاندابەو نیازەی لەناویان بەرن بەڵكو بیری ماركسی لنینی لەكوردستان ولەژێر سەركردایەتی كۆمەڵەی ڕەنجدەرانی كوردستاندا سەر كەوتوو بێت، بەڵام خۆی لەخۆیدا وەک وتم گۆڕەپان خەباتی كوردستان ئەوگۆڕەپانە نەبوو كەبۆخەباتێكی چینایەتی ئامادەكراوبێت نەک تاوانی لایەنە سیاسیەكانی تری سەر گۆڕە پانی خەبات بێت.

ئیتر ئەوەبوو بزوتنەوەی سۆشیالیستی لەساڵی 1979 لەكۆمەڵەی ڕەنجدەران جیا بووە وەوپاشان بۆهێشتنەوەی ناو وناوەرۆكی یەكێتی نیشتمانی كوردستان باڵێكیتریان دروستكرد بەناوی باڵی یەكێتی شۆڕشگێڕانی كوردستان ولەگەل كۆمەڵەی ڕەنجدەرانی كوردستان یەكێتی نیشتمانی كوردستانیان لێپێک هات، پاشان ماوەیەک سوكە باڵێكیتریش بەناوی خەتی پان لەناویەكێتی دروست بوون پاشان ئەوانیش هەر لەلایەن یەكێتی وەكۆتاییان پێهات، پاشان باڵێكتر لەكۆمەڵەی ڕەنجدەرانی كوردستان جیا بووەوە بەناوی ئاڵای شۆڕش كە ئەوانیش پاش دەست بەسەراگرتنی كاک مەبەختیار كە سەركردەی ئەو باڵە بوولەلایەن یەكێتی نیشتمانی كوردستانەوە ئەوانیش پوكانەوەو پاشان بەشێكیان چونەوە ناو یەكێتی نیشتمانی كوردستان بەكاک مەلا بەختیاریشەوەوهەندێكیان چوونە ناو لایەنەكانیترو بەشێكیشیا چوونە ئەوروپا.

بەڵام لەگەل هەموو ئەمانەشدا كۆمەڵەی ڕەنجدەرانی كوردستان باڵێكی شۆڕشگێڕی دەست وەشێن بوون چی لەهێزەكانی دوژمنی داگیر كەرو چی لەلایەنە سیاسیەكانی سەر گۆڕە پانی خەباتی كوردستان لەساڵی1976 تا 1986 پاشان وردە وردە لەوە گەیشتن كە گۆڕەپانی كوردستان گۆڕەپانی خەباتی ئەو بیرو باوەڕەنیە وگۆڕەپانی خەباتی چینایەتی نیە، لەلایەكیتر بەشەڕو بەزاندنیش ناتوانن لایەنە شۆڕشگێڕەكانی تری سەر گۆڕەپانی خەبات تەواو بكەن نەک تەواو نەئەبوون بەڵكو ڕۆژ لەدوای ڕۆژ پێی خۆیان لەناو ڕیزەكانی كۆمەڵانی خەڵكی كوردستاندا پتەترو جێگیرتر ئەكردو ڕۆژ لەدوای ڕۆژ جەماوەریان بەرەو زیاد بوون ئەچوو بەتایبەتی پارتی دیموكراتی كوردستان. بەپێچەوانەی كۆمەڵەی ڕەنجدەرانی كوردستان كەڕۆژ لەدوای ڕۆژ درزەكانی نێوان خۆیان گەورە تر ئەبوو وە پایەی جەماوەری خۆیان لەدەست ئەدا، بۆیە لە ساڵی 1986دا یەكێتی نیشتمانی كوردستان لەگەل پارتی دیموكراتی كوردستان ڕێكەوتنی ئیمزاكردوو لەگەل گشت لایەنە كوردستانیەكاند بەرەی كوردستانیان پێك هێناو ئەو ڕیكەوتنەو پێكهێنانی بەرەی كوردستانی ڕاپەڕینی ساڵی 1991ی لێكەوتەوە كەجەماوەری گەلی باشوری كوردستان بەپشتیوانی بەرەی كوردستانی ڕاپەڕی وئەوبوو ئەو بەرهەمە پیرۆزو گرنگەی ئێستای لێكەوتەوە.

بەڵام پێویستە ئەوەش بڵێین جگەلە زەكاوەتو توانای بەرێز مام جەلال تاڵە بای ئەوە باڵی كۆمەڵەی ڕەنجدەرانی كوردستانە كەلەسەرەتای شۆڕشەوە سەنتەری یەكێتی نیشتمانی كوردستانی ڕاگرتووەو بەتایبەتی لەدوای ساڵی 1986 وە لەخزمەتی 100%خەڵكی كوردستاندایە.

لەدوای ڕاپەڕینیش كۆمەڵێک باڵو لایەنی چەپ لەكوردستان دروست بوون وەک حزبی شیوعی كوردستان ورەوتی كۆمۆ نیستو ئاگری سورو گڕی سورو پاشان حزبی كۆمۆنیستی كرێكاری ئێراق وهتد..

ئیتر هەر باڵێكی چەپ كەدروست ئەبوو ڕەخنەی لەباڵە چەپەكانی پێش خۆیان ئەگرتو ئەوانی بە هەڵە ئەزانی وبەلادەر ئەزانی لەسەر ڕێبازی ماركسی لنینی، هەروەک

كۆمەڵەی ڕەنجدەرانی كوردستان سەرەتای دروستبوونی هەمو ڕقو ڕەخنەكانی خۆیان ئاراستەی حزبی شیوعی ئێراق ئەكرد.

بەڵام هیچ لایەكیان لەسەرەتای دروست بوویناندا بەلای ئەوەدا ناچن كەئەو ڕێبازە زەمینەو گۆڕەپانی خۆی ئەوێت وجەماوەری چەوساوەو چینی كرێكارو زەحمەتكێشی خۆی ئەوێت، وڵاتی خاوەن پیشەسازی پێشكەوتووی ئەوێت ئەبێت جەماوەری ئەو ڕێبازە چەوسانەوەكان بەسەر پێستی دەستو ڕوویانەوە دیار بێت ئەوسا ئەوڕێبازە لەوەها كۆمەڵگایەكدا سەر كەوتوو ئەبێت نەك لەكۆمەڵگای كوردستاندا، كەبەئێستاشەوە لەسەرەتاشدا نین وەباوەڕ ناكەم پێش كەوتنی ژیان وزانستو بوارە دیموكراسی وشەپۆلە ئازادیەكانی جیهان تازە ڕیگا بەچەوسانەوەی كرێكارانو خەڵكی زەحمەتكێش بدات، واتە دێرەو لەخۆرئاوای ئەو ڕێبازەدا گەیشتە كوردستان بۆیە بواری نەبوو وباوەڕیش ناكەم تازە بواریان بۆبڕەخسێت.

ئیتر لایەنە چەپەكان كەهەر لایەنێكیان ئەهات ئەویتری بەهەڵە ئەزانی لەم گشت تەكەتولاتانەدا هەرجارەو كۆمەڵێك گۆشەگیر ئەبوون لەو گۆشەگیریەدا یان ئەچونە ناولایەنەكانیتر یان لەماڵخۆیان پاڵیان لێئەدایەوەو بەكارو باری دیكەوە خۆیان خەریك ئەكرد یان ڕوویان لەهەندەران ئەكردو چوار مشقیان لێ دائەدا. ئیتر هەر لەحزبی شیوعی ئێراقەوە كە دەست پێكو سەرەتای چەپەكانە لەئێراق وكوردستاندا هەتا ئەگاتە حزبی كۆمەنیستی كرێكاری ئێراق كەدواین باڵیانە بەردەوام دروست ئەبوون وئەپوكانەوە. ئەوچەپەبەزیوە تێكشكاوانەی چوارمشقی ئەوروپا ئیفرازات وقوربانی ئەوگشت كێبەر كێ وتەكەتولاتانەی چەپەكانی ئێراق وكوردستانن كەئێستا هاتوونەتە ئەورو پاولێرە سەرەڕای ئەوەی بەختی خۆیان ونكردووە بەچەپوبەڕاستدا ئەنوسن وتەڕو وشكیان وەبەرخۆیانداوەو وەك ئەوەی كەتووشی هەستریاو نەخۆشی دەرونی بوبن كوردو شۆڕشو پێشمەرگەو سەركردایەتی سیاسی كوردو گشت لایەنەكانی كوردستانیان بەچەپو بەنەتەوەییەكانەوە تاوانبار كردووە وبێشەرمانە گشت ڕاستیەكان بەئاوەژۆكراوی ئەنوسن ئەیخەنەسەر سایتەكانی ئەنتێر نێت، ئەمەش لەسەر لێشێواوی وشۆڕشی چەواشە تێپەڕێت هیچیتر نیەو ئەو جۆرە نوسینانە هەر گیزاو هەرگیز ناتوانن بكەونە خانەی خزمەتكردنی نە نەتەوەی كوردو نە چینە ڕەنجدەرو زەحمەتكێشەكانی كوردستانیش. بەپێچەوانەشەوە لایەنە شۆڕشگێڕونەتەوەییەكان هەمیشە بەرەوگەشە كردن ئەچن جەماوەرەكانیشیان ڕوولەزیاد بوونە، چونكە زەمینەی خەباتی نەتەوایەتی هەردەم لەبار بووە لەكوردستاندا لەبەر ئەوەی دوژمنانی نەتەوەكەمان هەمیشە وەكو نەتەوە كوردیان چەوساندووە تەوە نەك وەكو چینێك یان توێژكی كۆمەڵگایەك، بۆیە بیرو باوەڕی نەتەوایەتی هەردەم لەگەشەدا بووە، ئەمە هەر چەند لایەنە نەتەوەییەكانیش بێكەمو كوڕی نەبوون ونەیان توانیوە وەكو پێویست داواوخواستەكانی جەماوەری كوردستان بەگشت چین وتوێژەكانیەوە تاكوئێستاش بهێننەدی..

جمال فتاح
2005/10/24